ڕووداو
# ئەدەب و کولتوور

ژمارەی داهاتوو:
« کتێب و بیرکردنەوە
« نووسەرە مەزنەکان چی لەبارەی هێزی میوزیکەوە دەڵێن؟

www.rudaw.net email: bijar.hekim@rudaw.net ژمارە (18) دووشەممە 2017/5/8



## خەڵاتی نەتەوەیی چوارچرا دەدرێتە
# جەلیل کاکەوەیس

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسەر و وەرگێڕی کورد جەلیل کاکەوەیس چوارەمین خەڵاتی نەتەوەیی چوارچرای وەرگرت، ئەوەش وەک ڕێزلێنانێک لە کار و ماندووبوونی لەبەرامبەر کارە ئەدەبییەکانی.

بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە نووسەران و هونەرمەندان و لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە هۆتێل چوارچرای شاری هەولێر بەڕێوەچوو، چوارەمین خەڵاتی نەتەوەیی چوارچرا بەخشرایە نووسەر و وەرگێڕی کورد جەلیل کاکەوەیس.

عەبدولخالق یەعقووبی، ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری خەڵاتی نەتەوەیی چوارچرا بە ئەدەب و کولتووری ڕووداوی ڕاگەیاند، بەپێویستمان زانی خەڵاتی چوارچرای ساڵی 2017 بدەینە جەلیل کاکەوەیس، وەک نووسەر و وەرگێڕێک کە خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەبیاتی کوردیی کردووە.

عەبدولخالق یەعقووبی گوتیشی کە بەنیازن لە ساڵی داهاتوودا دوو خەڵات بدەنە نووسەران، خەڵاتی بەهارانە و پاییزانە.

لە ساڵانی ڕابردووشدا هەریەکە لە شاعیر موحسین ئاوارە، نووسەر حەمە کەریم هەورامی و هونەرمەند عەبدولی حەمەجوان خەڵاتی نەتەوەیی چوارچرایان وەرگرتووە.

جەلیل کاکەوەیس، ساڵی 1948 لە کەرکووک لەدایک بووە، لە زانکۆی بەغدا زمان و ئەدەبی کوردیی خوێندووە و سەرەتای چیرۆکنووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوو.

ئێستا خاوەنی دوو ڕۆمانە بەناوەکانی ( وتیارێک ڕووی لە کەس نییە) و (بۆنی بنیادەم ( .

بەشێک لە چیرۆکەکانیشی لەم چەند کتێبەدا کۆکردوونەتەوە: میراو، بۆنی ئەشکەوت، چرکە زیندووەکان، وەچەکانی مەولانا، شتێ لە گیرفانی دایکمدایە.

هەروەها کتێبی (الساعات المتوقفه) کە لەلایەن چەند نووسەرێکەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

لە بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیدا خاوەنی کتێبی (ڕۆمانی کوردی)یە، لەگەڵ کۆمەڵێک وتاری ئەدەبی دەربارەی چیرۆک و ڕۆمان و زمان و توخمە ئەدەبییەکانی دیکە. کتێبی (کتێب) خوێندنەوەی بیست تێکستی هەمەجۆر. کتێبی ڕایەڵەکان (کۆمەڵە وتار) و

لە بواری وەرگێڕانیشدا خاوەنی ئەم کتێبانەیە: ڕۆمانی بەدگۆڕان (فرانتز کافکا). کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەمی زایینی (ئارشاک پۆلادیان) . باخچەی بەردین (نیکۆس کازانتزاکیس). ڕۆمانی ڕۆژەکە لە سەدەیەک درێژتر دەبێتەوە (جەنگیز ئەیتماتۆف)، هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکی عەرەبی و جیهانی بەناوی (خڵتەی دنیا)، ڕۆمانی شلۆمۆ کوردە و من و ڕۆژگار (سەمیر نەقاش)، ڕۆمانی ئاهەنگی تەگەکە (ماریۆ بارگاس یۆسا)، ڕۆمانی چل ڕێساکەی عەشق (ئەلیف ش...)، ڕۆمانی دەریاچە (یاسۆناری ک...)، ڕۆمانی خەم و جوانی (یاس...) کاواباتا)، سۆفیگەرێتی (نیکۆ... کازانتزاکیس).

# نەزەند بەگیخانی
## پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن بڵاودەکاتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بڕیارە ئێوارەی ئەمڕۆ (دووشەممە) دیوانێکی نوێی شاعیر و لێکۆڵەر نەزەند بەگیخانی بە ناوی "پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن" بڵاوبکرێتەوە.

ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ڕایگەیاند کە بڕیارە کاژێر 4ی ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە 8ی ئایار، بە ئامادەبوونی شاعیر نەزەند بەگیخانی دوایین دیوانی بە ناونیشانی پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن بڵاو بکرێتەوە.

ئەم دیوانە شیعرییە کە لەلایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە چاپکراوە، نوێترین بەرهەمی نەزەند بەگیخانییە.

نووسەر و مامۆستای زانکۆی ئەدەبیاتی ئیسپانی ئەحمەدی مەلا لەبارەی دیوانەکەوە نووسیویەتی " یەکێتی ستایل یان شێواز یەکێکە لە خاڵە پتەوەکانی ئەم دیوانە، هەروەها ئاوێزانبوون بە خەمە هەنووکەییەکان، نەفەسێکی نوێی بەخشیوەتە دەقەکان".

## دەکرێتە کوردی
# (مردنێکی بچووک)
## خەڵاتی باشترین ڕۆمانی عەرەبیی 2017ی بردەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی (مردنێکی بچووک)ی محەممەد حەسەن عەلوان کە ژیانی ئیبن عەرەبیی سۆفی و عارف و فەیلەسووف دەگێڕێتەوە، خەڵاتی باشترین ڕۆمانی عەرەبیی 2017ی بردەوە.

خەڵاتی دەزگای پۆکەر بارەگاکەی لە شاری لەندەنە و تایبەتە بە ڕۆمانی عەرەبی (دەستەی ئەبووزەبی بۆ گەشتوگوزار و کولتوور) لە ئیمارات پشتیوانیی دارایی دەکات.

محەممەد حەسەن عەلوان ساڵی 1979 لە سعوودیە لەدایک بووە، پێش نووسینی ڕۆمانی (مردنێکی بچووک) چوار ڕۆمانی دیکەشی نووسیوون، بە ناوەکانی: (سقف الكفاية) (صوفيا) ، (طوق الطهاره) و (القندس).

لەم ڕۆمانەی عەلواندا هەمووشێک بە ئاوی خۆشەویستی ئاو دەدرێت، گەردوونی خۆشەویستی هێندە فراوان دەبێت مردنیش تێیدا دەبێتە بەشێکی بچووکی ئەو خۆشەویستییە.

نووسەر و وەرگێڕی کورد حەیدەر عەبدوڵڵا چەند مانگێکە خەریکی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانەیە بۆ سەر زمانی کوردی.

# بەڵگە و دەستنووسی نوێی نالیی شاعیر دەدۆزرێتەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران لە ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، چەند دەستنووسێکی نالیی شاعیر دەدۆزنەوە کە زانیاریی نوێیان لەبارەی ژیانی نالی تێدایە و لایەنە شاراوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی نالی ئاشکرا دەکەن.

د. هێمن عومەر خۆشناو، بەڕێوەبەری دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران بە ئەدەب و کولتووری ڕووداوی ڕاگەیاند: "چەند زانیارییەکی تازەمان لەسەر ژیانی نالی، گەورە شاعیری کورد ساخکردووەتەوە، لە یەکێک لە گۆڤارە ئەکادیمییەکانی تورکیا، ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەیمان وەرگرتووە و لە ڕۆژانی داهاتوودا توێژینەوەیەک بڵاودەکرێتەوە.

بەڕێوەبەری دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە پوختەی زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە بریتین لە دۆزینەوەی ناوی کتێبێکی دیکەی نالی، هەروەها زانیاری لەبارەی وەزیفەکەی و مووچەی و هاوسەری نالی و ڕۆژ و مانگ و ساڵی مردنی بە دروستی و شوێنی مردنی، دەستخەتی دیوانی نالی "شیعرە کوردییەکان" و هەموو ئەو زانیارییانەی بە درێژایی سەت ساڵی ڕابردوو نادیار بوون.

لەبارەی نێوەڕۆکی دەستنووسەکان و زانیاری لەبارەی نالییەوە، د. هێمن عومەر خۆشناو گوتی، ئێستا هیچ زانیارییەکی نوێ لەبارەی نێوەڕۆکەکەی نادرکێنین چونکە توێژینەوەکە لەچاپبووندایە و دواتر هەموو زانیارییەکان لەبارەی نالییەوە ئاشکرادەکرێن کە زانکۆی سۆران کاری لەسەر کردوون.

مەلا خدر کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلی ناسراو بە نالی (1800-1856) بەردی بناغە و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابان و لە یەکەمین و بەناوبانگترین شاعیرانی شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاستە. نالی لە گوندی خاک و خۆڵ ، لە دەشتی شارەزوور لەدایک بووە.

نالی لە چەند ناوچەیەکی وەکو سنە و سابڵاخ و هەڵەبجە و سلێمانی خوێندوویەتی.

محەممەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: "نالی لە ساڵانی 1800-1856ی زایینیدا ژیاوە". هەردوو نووسەران، مارف خەزنەدار و کەمال فوئادیش هەر هەمان مێژوویان دیاری کردووە، بەڵام عەلائەدین سەجادی دەڵێت: " لە 1797 لەدایک بووە و لە 1855 دا کۆچی دوایی کردووە".

# داماڵینخوازیی دەربڕینخوازی





سەنگەر قوباد

سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێبازی داماڵینخوازیی دەربڕینخوازی Abstract ex-pressionism لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. ئەم ڕێبازە بەهۆی دەرکەوتە و ڕووداوە مێژووییەکانەوە هات. واقیعی قورسی ژیان و لاوازبوونی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان لە ئەوروپا و، بەرزیی ئاستی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای مەزن و سیاسەتی نوێی حکومەتەکەی و، جەنگی دووەمی جیهانی و ئەنجامی سەرکەوتنی وڵاتانی هاوپەیمان بەسەر نازیزم و فاشیزمدا، هەروەها کرانەوەی فیکری و هونەریی ئەمریکا، هۆکار بوون بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندی کرانەوە و گەشەکردن.

دەستەی یەکەمی ئەو ڕۆشنبیرانەی مەیلی کرانەوە بەڕووی جیهان و حەزی یەکگرتنی ڕۆشنبیرییان هەبوو، گرووپێکی شێوەکاریی چالاکی نیویۆرک بوو کە بریتین لەم شێوەکارە پێشەنگانە: وێڵم دوو کوینینگ Willem de Kooning (1904 - 1997)، مارک ڕۆتکۆ Mark Rothko (1903 - 1970)، هانس هافمەن Han-sHofmann (1880 -1966)، جاکسن پاڵۆک Paul JacksonPollock (1912 - 1956)، ئاد ڕاینهارد Ad Reinhardt (1913 - 1967)، ئەدۆڵف گاتلێب Adolph Gottlieb (1903 - 1974)، بارنێت نیومن Barnett Newman (1905 - 1970)، فرانز کلاین Franz Kline (1910 - 1962)، . ئەوانەی تەنیا چالاکیی ڕۆشنبیریی کۆی نەکردبوونەوە، بەڵکو لێکچوونێکی هەرەمەکی لە شێوازی کارکردنی هونەری و پێشنیار و بیرکردنەوەیاندا کۆیکردبوونەوە. لە بواری فەلسەفە و فۆڕمەیشنی هونەری و تێگەیشتنیان بۆ جوانیی تابلۆ، زۆر لەیەکترەوە نزیک بوون. ئەم لێکنزیکییە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی گەڕەکی گرینووچ لەنێو شاری نیویۆرک بکرێ بە دڵی ڕۆشنبیریی نوێ و بانگەواز بۆ گۆڕانکاری. بەم جۆرە لە نیوەی دووەمی چلەکانی سەدەی بیستدا، چالاکی و ڕێکخستنە فیکرییەکان و کۆششە تاکگەراییە سەربەخۆکان لە یەک شادەماری هونەریدا گردبوونەوە. دەستەبژێرەکانی هونەر و ڕۆشنبیریی ئەوروپا لە دۆزەخی جەنگ هەڵهاتن و لە نیویۆرک یەکیانگرت، لە نموونەی: ئەندرێ بریتۆن Andr Breton (1896 - 1966)، مارک چاگاڵ Marc Chagall(1887 - 1985)، مارسێل دوشا Mar-cel Duchamp (1887 - 1968)، فێرناند لیجی Joseph Fernand Henri Lger (1881 - 1955)، پیت مۆندریان Piet Mondrian (1872 - 1944)، ماکس ئێرنست Max Ernst (1891 - 1976)، ڕۆبیرتۆ مەتا RobertoMatta (1911 - 2002)، ئیڤ تانگی Yves Tanguy (1900 - 1955) و، چەندانی تر.

سەرەڕای ئەوەی نیویۆرک کەشێکی نایابی لە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکانی جیهان بەخۆیەوە بینی و لە شێوەی کۆڕ و دەرس گوتار و پێشانگەی ئۆرجیناڵی کارە هونەرییەکانی ڕیتمی کۆبیزم و فەوڤیزم و داداییزم و سوریالیزمدا بەرجەستە بوون، بوژانەوەیەکی لۆکاڵیشی بەخۆیەوە بینی، لە چەشنی پێشانگەی پێکهاتە لاتینییەکان و هونەرە مێژووییە ئاسیاییەکان و هونەرە خۆڕسکە ئەفریقاییەکان. دەستەواژەی ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم وەک ناونیشانێک بۆ ئەو بزاوتە شێوەکارییە نوێیەی ئەمریکای گرتبووەوە، داهێنرا و ناونیشانەکەیش ساڵی 1946 لە هەوێنی پێشانگەیەکی هونەرمەند هانس هافمەن ـەوە هەڵهێنجرا. شێوازی کارکردنی هونەرمەندانی ئەم بزاوتە تێکەڵەیەکە لە هێڵکارییە کوبیزمیەکان و ڕەنگە فەوڤیزمیەکان و سیمبۆلە سوریالیزمیەکان. کاریگەریی سوریالیزم بەسەر هونەرمەندانی داماڵینخوازیی دەربڕینخوازییەوە دیارە، چونکە بڕوایەکی قووڵیان بە تاکگەرایی و گرنگیدان بە ویژدانی گشتی هەیە. وێڕای ئەوەی هونەرمەندانی ئەم ڕێچکەیە، لەبری دیاریکردن، پشت بە ئامادەکردنی واتا و سیمبۆلی بابەت دەبەستن. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم هونەرمەندانە فۆڕمی بابەتەکانیان دادەماڵی و خودی بابەتەکانیشیان دەربڕینخوازی بوو، بۆیە بە داماڵینخوازیی دەربڕینخوازی ناسران.



چالاکییەکانی داماڵینخوازیی دەربڕینخوازی لە کۆمەڵگەی ئەمریکا تا کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیست بەردەوامیی هەبوو، وەلێ بەهۆی پەیدابوونی هونەرگەلێکی تر لە شەستەکاندا، هونەرمەندان بەرەو شێوازگەلێکی تایبەت چوون، بەڵام سیمای گشتیی ئەم ڕێبازە هونەرییەیان پاراست، کە بە هونەری ئەمریکیی هاوچەرخ ناسراوە.

---

# زمانی کوردی لە باشوور



حەمە فەریق حەسەن

زمان بەشێکی هەرە گرینگە لە ئەوێتی (ناسنامە)ی هەر گەلێک. دەشێ بڵێین زمان وەک پەنجەمۆری گەلان وەهایە، کە بەهۆیەوە دەناسرێنەوە. زمان هزرە و خۆ دانەپاڵ گەلێکیشە. ئەوە زمانە کە سەدان ساڵە، ئەدەب و مێژووی ئێمەی لەلای خۆی پاراستووە. زمان وەک چۆن لێبڕاوە هەرەس و شکستەکانمان بۆ بگێڕێتەوە، یان بۆ بنووسێتەوە، ئامادەیە سەرکەوتنەکانیشمان تۆمار بکات. ئەمین مەعلوف ئاوا باسی زمان دەکات: "زمان بەشێکە لە کەرامەتی هەر نەتەوەیەک."

ڕەنگە زێدە گۆییم نەکردبێت ئەگەر بڵێم، بێجگە لە تاکی کورد، هەر مرۆڤێک لە هەر جێیەکی ئەم گۆی زەوییە بگریت، ئەو ڕاستییە دەزانێت کە زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ لەیەکتری حاڵیبوون و پێوەندی گرێدان، بەڵکو بەشێکی گرنگی ئەوێتیشە. ئەگەر تاکی کورد ئەم ڕاستییە ساکارەی زانیبا، چلۆن خۆی کورد نەژادە، کەچی ناوی عەرەبانی لە منداڵی خۆی دەنا؟ چلۆن خۆی کورد نەژادە، کەچی بە عەرەبی، تورکی و فارسی دەنووسێت و گوزارشت لە خۆی دەکات؟

ئەو ڕۆژگارەی داگیرکارانی خۆرئاوا بە لەشکری تەیارەوە، ڕوویان لە ئەفریکا کرد، ئەوان چوون بەشێک لە زمانەیلی ئەو کەرتەیان سڕییەوە و زمانی خۆیان، واتە زمانی ئینگلیزی و فرانسییان لەبریان کرد بە زمانی فەرمی. تاکو ئێستایش، کە ئەوان ئازادن، ژمارەیەک لە زمانە ئەفریکاییەکان، تەنیا وەک زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی نێوان خەڵک ماونەتەوە و چیتر پێیان نانووسرێت. زمانەیل لەوێ، ئەو کەوتنەی کەوتن هەڵنەسانەوە.

یەک لەباری خۆمان، لەگەڵ ئەوەیشدا، کە عارەب و فارس و تورک، بەدرێژایی چەندان سەدە، زلهێزی ناوچەکە و جیهانیش بوون؛ بە شمشێری باریک و تیژەوە، بە ئۆردووی چاوبەخوێنەوە، تەواوی کوردستانیان زەوت کرد، مرۆڤی ئێمەیان پێمل کرد و بە زۆردارەکی زمانی خۆیان بەسەر ئێمەدا سەپاند، کەچی هێشتا زمانی ئێمەیان بۆ زەوتنەکراوە. هێشتا زمانی عەرەبی، تورکی و فارسی نەیانتوانیوە زمانی کوردی بسڕنەوە. تەنانەت ئەوان نەیانتوانیوە، شێوەزارێکی گچکەیش لەو هەموو شێوەزارەی زمانی کوردی کە هەیانە چەند سەد هەزارێک پێی دەدوێن، بسڕنەوە.

کوردی، زمانی شارستانەتێکە، لە مێژووودا چالاک بووەو لەسەر شانۆی ڕووداوەکان ئامادە بووە. بەرەو پێشەوە لە جووڵەی بەردەوامدایە. تۆ لەلای خۆتەوە، بەراوردێک لەنێوان ئەم زمانەی ئەمڕۆ پێی دەنووسین و ئەوەی پەنجا ساڵ لەمەوبەردا بکە، بزانە چۆن بە هەزاران وشەی نوێی لێ کەوتووەتەوە. ئەم گەشەو بەرەوپێشچوونە لە خۆیدا نیشانەی چالاکی و دەوڵەمەندیی زمانەکەمانە. ئەگەر لەم ڕووەوە بەراوردی زمانی خۆمان لەگەڵ زمانی گەلی سەردەستدا بکەین، ئەوجا دەزانین کە نێوانیان گەلێک زۆرە. هەر بۆ نموونە، ئەگەر لەڕووی گەشەکردنەوە بیگرین، دەبینین زمانی عارەبی بە چارەکی زمانی کوردی نەچووەتە پێش.

ئەم ڕاستییە سادەیە لە خۆیدا بەهێزیی زمان و پێداگریی خاوەن زمانەکەیش دەسەلمێنێت. ئێمە بە درێژایی چەندان سەدە، پێملی تورک و فارس و عەرەبان بووین، کەچی زمانی کوردی لە باشوور کە جاران تەنیا بۆ گفتوگۆی زارەکی بەکارهاتووە، لە یانزەی ئاداری ١٩٧٠ بەدواوە، گەشەی بەرچاوی کردووە و حاڵی حازر لە توانایدا هەیە زانستەکانیش لەخۆی بگرێت.

بۆ بەرگری لە خۆ، یان لە هەر پرسێک، زمان لە دەست و بازوو کاراتر و درێژترە. زمان تا ئەوپەڕی دونیا دەگات و مەودای جووڵەی دەستەکانیشمان کورتە. کورد لە کوردستانی باشوور، ئەوەندەی لەڕێی چەکوچۆڵەوە بەرگری لە هەبوونی خۆی کردووە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش لەڕێی زمانەوە بەرگریی کردووە.

زمانی کوردی لەوپەڕی چڕبوونەوەو گوزارشتی خۆیدا، لە وتار و ژانرە ئەدەبییەکاندا بەرجەستەیە. ئەم ژانرانە، کاتێک لە پەخشنامەکاندا، یان لە ڕادیۆکانی چیاوە بڵاوبوونەتەوە، دەنگی ئێمەیان بە گوێی خۆمان و بە گوێی دەرو دراوسێ و جیهانیشدا داوە.

من لێرەدا دەمەوێت بڵێم، بە درێژایی مێژوو، ئەوەندەی ئێستای باشووری کوردستان، زمانی کوردی لەبن فشار، شێواندن و هەڕەشەدا نەبووە. ئەم هەڕەشە جددییەیش لە ڕاپەڕینەوە دەستیپێکردووە و ئێستا گەیشتووەتە لوتکە.

ئێستا، ڕۆژنامە و گۆڤارەیل، ئەوەی گرینگی پێ نەدەن، زمانە. زمانی ڕیکلامەیل وێرانە. ئێمە بە هەڵە ناو لە جگەرگۆشەی خۆمان، لە شار و گوندی هاوچەرخمان، لە دوکان و بازاڕمان دەنێین.

پێگە ئەلکترۆنییەکان پڕن لە هەڵەی زمان. تیڤی و ڕادیۆ، دوو ئامێری زۆر گرینگ و بە هەژموونن. دەشێ بڵێین بەرپرسان لەو پێگانەوە حوکمڕانی دەکەن. کەچی زمان لەو دوو دەزگەیەدا وێران بووە. ئەوانەی وا بە وەرگێڕانەوە خەریکن، بەزۆری زمانی کوردی نازانن! بە کورتی، ئەگەر خەمخۆران لە ماوەیەکی کورتدا چارەسەر بۆ ئەم دۆخە ناهەمواره نەدۆزنەوە، ئەوا زمانی کوردی لە هەرێمەکەی ئێمەدا لەناودەچێت. ئەم جارەیان خۆمان لەناویدەبەین، نەک دوژمن.

تۆ ناتوانیت ئینگلیزێک، ئەڵمانێک، ڕووسێک بدۆزییەوە بە زمانی بیانی چاکتر گوزارشت بکات، یان بنووسێت و بخوێنێتەوە هەتا زمانی دایکی. بەڵام زۆرێک کورد هەنە، لەسەر خاکی خۆیانن و لە باوەشی گەرمی کەسوکاری خۆیاندا دەژین، لە باوک و دایکی کورد کەوتوونەتەوە، کەچی بە زمانی بیانی باشتر دەدوێن، دەنووسن و دەخوێننەوە. ئەم دیاردەیەیش، بۆ کەمتەرخەمی و بە گرینگ نەگرتنی زمانی دایک دەگەڕێتەوە، کە پایەی هەرە گرینگی ئەوێتیی تاکی کورد پێکدەهێنێت. بەشێکیش لەم دۆخە، بۆ خراپیی ئاستی وانەگوتنەوە و پرۆگرامی خوێندنی زمان دەگەڕێتەوە.

تۆ بزانە، کار گەیشتووەتە ئاستێک، هەر دەزگەیەکی پەخش ڕێنووسی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم دیاردەیە وەک ئەوەیە، هەر دەزگەیەک، زمانی تایبەت بە خۆی هەبێت! ئەمەیشیان بێجگە لە کوردستان، لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئەم جیهانەدا بەرچاو ناکەوێت!

ئەوی ڕاستی بێت، بوونی ئێمە، لە دەرێی زمانی کوردی، واتایەکی نییە. خۆ ئێمە، لە زمان بترازێت هیچی تر گومان نابەین، پێناسەمان بکات و بە دەوروبەرمان بناسێنێت، لەم جیهانە هەزارویەک ڕەنگ و زمانەدا، گوزارشت لە بوون و لە ئەوێتیمان بکات. ئێمە دەتوانین جەختی لەسەر بکەین، زمانی کوردی، لای کەم زمانی دوو ئاینە کە ئەوانیش کاکەیی و ئێزدین. ژمارەیەک کتێبی پیرۆزیشی پێ نووسراوە.

ئەوەی زمان نەزانێت، نەک هەر ڕۆشنبیر نییە، بەڵکو خوێندەواریش نییە. ئەو تاکەی بە زمانێکی سەقەت بنووسێت، تاوان بەرانبەر زمانەکە دەکات. بۆیە گەرەکە ڕێی پێنەدرێت کاری وەها بکات. کەچی لەم سەردەمەدا، کە خۆمان فەرمانڕەوای خۆمانین، زمانی کوردی بێ پشت و پەنا ماوەتەوە. کەسێک، لایەنێک نییە بەرگریی لێ بکات.

من پێموایە، وەک چۆن بە مەبەستی پاراستنی تەندروستیی ئەو خەڵکە، چاودێریی شوێنە گشتییەکان و پشکنینیان لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پێویستە، چێکردنی لیژنەیەکی پسپۆڕیش بۆ پشکنینی کتێبخانە و هەموو ئەو دەزگە لاکۆڵانانەی وا کتێب چاپ دەکەن، کارێکی گرنگە. لەجێیە هەموو ئەو کتێبانەی کە بە کوردییەکی نارەوان نووسراون، ڕێیان پێ نەدرێت بڵاوببنەوە. کاتی ئەوەیش هاتووە پێداچوونەوەی جیددی بە هەموو ئەو ناوانەدا کە بە هەڵە لە دوکان و بازاڕەیل، تەنانەت لە تاکەکانی ئەم گەلەیش نراون، بکرێت.

د. محمود السید دەڵێت: "ئەنجومەنی نەتەوەیی مامۆستایانی بەریتانیا، بڕیارێکی دەرکردووە، لەوێدا هاتووە: دەبێت مامۆستایان خۆیان بۆ فێربوونی زمانی دایک ئامادە بکەن، با ئەوان مامۆستای وانەکانی مێژوو، فیزیا، بیرکاری یا مامۆستای هەر وانەیەکی دیکە بن. لە فرانسەیش لەسەر هەڵەی زمان، لێپێچینەوە لەگەڵ مامۆستای بیرکاریدا دەکرێت، وەک چۆن لەسەر هەڵەکانی لە بیرکاریدا لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت." *

من پێموایە، حاڵی حازر، زمانی کوردی پێویستی بە داواکاری گشتی هەیە، تاکو لەسەر ئەو دەستدرێژییانە بێتە دەنگ کە ڕۆژانە دەکرێنە سەری.

---

*طرائق تعليم اللغة للاطفال، د. محمود السيد، الممارسات اللغوية، العدد الاول، ص24

# گرفتار کاکەیی:
# تابلۆ ئیرۆتیکییەکانم بڵاودەکەمەوە



گرفتار کاکەیی یەکێکە لە کاریکاتێریستە دیارەکانی کورد و خاوەنی دەیان کاریکاتێری ناسراوە. جگە لە کاریکاتێر، کاکەیی لە بوارەکانی شێوەکاری، نووسین و وەرگێڕان، شیعر و مۆسیقاشدا کاری کردووە، ئەوە جگە لە کاری تایبەت لە بواری ئەدەبیات و هونەری منداڵان وەك شیعر و چیرۆك و هێڵکاری و ئاواز و کارکردن لە گۆڤاری منداڵان.

■ هەڤپەیڤین: هێرۆ کوردە

**ئەدەب و کولتوور: گرفتار کاکەیی لای زۆرینە وەک کاریکاتێریست ناسراوە، لەکاتێکدا شێوەکاریشە، بۆچی کاریکاتێرەکانت بوونەتە ناسنامەت و کارە شێوەکارییەکانت کەمتر ناسراون؟**

**گرفتار کاکەیی:** ڕاستە من لە هەموو لق و پۆپێکی بواری ئەم هونەرەدا کارم کردووە چ شێوەکاری بێت یان وێنەکێشان و سیناریۆ بۆ منداڵان و پۆستەر و لۆگۆ و پۆرتریت و چەندین بابەتی دیکە، بەڵام وەکو کاریکاتێریستێک ناسراوم، ئەمەش بەڕای من هۆکارەکەی بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە، یەکەم، لەبەر ئەوەی کاریکاتێرم لە هەموو ئەو لق و ڕێچکانەی پێشوو باسمکردن زیاتر کردووە، دووەم خەڵکی زیاتر حەزیان لە هونەری کاریکاتێرە و سێیەم خاڵیش دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو پێشانگە کاریکاتێریەم کە تایبەت بوو بە پۆرتریتی کەسایەتی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ساڵی1997 کردمەوە.

ئەدەب و کولتوور: خۆت هۆکاری یان ئەوانیتر لە زیاتر دەرکەوتنی کاریکاتێرەکانت و کەمتر دەرکەوتنی کارە شێوەکارییەکانت؟

**گرفتار کاکەیی:** هەڵبەتە خۆشم کەمتەرخەمیم هەیە لە بایەخدان بە کاری شێوەکاری بەتایبەت ڕەنگی ڕۆنی، زۆریش فەرامۆشم کردووە، ئەمەش وادەکات من پەراوەیەک لەسەر ڕەنگی ڕۆنی بکەم تا بتوانم تایبەتمەندییەکانی ڕەنگی ڕۆنی لەنێو تابلۆکانمدا بەرجەستە بکەم، ئەوەش ماوەیەک کاری دەوێت.

**ئەدەب و کولتوور:** کاردانەوەی خەڵکی چۆن دەبینی، ئایا لە بنەما و پەیامی کاریکاتێر تێدەگەن؟

**گرفتار کاکەیی:** خەڵکە ڕۆشنبیرەکە بەڵێ، لە پەیامی کاریکاتێر تێدەگەن و تا ڕادەیەکی باشیش لەم هونەرە گەیشتوون، بەڵام خەڵکی ئاسایی کەمتر دەتوانن لەم هونەرە تێبگەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری کە بەداخەوە زۆرینەی خەڵک نارۆشنبیرن.

**ئەدەب و کولتوور: وای دەبینم کە بڵاوکراوەکان بەتایبەتی ڕۆژنامەکان کاریگەری خراپیان لەسەر کاریکاتێر هەیە کە وەک کەرەستەیەکی بازرگانی بەکاریدەهێنن، ئێوە چۆنی دەبینن؟**

**گرفتار کاکەیی:** زۆربەی ڕۆژنامەکان بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن و پارە خەرج بکەن، دەچن لە ڕۆژنامە و سایتەکانەوە کاریکاتێر دەهێنن و بڵاوی دەکەنەوە، من دەپرسم ئایا ئەوە کارێکی ڕاستە کە میدیای کوردی دەیکات ؟ ئەوە گەندەڵی نییە ؟ ئەی کوا داهێنانی ڕۆژنامەگەری ئەگەر بابەتێک یان وێنەیەک یان کاریکاتێرێکی تایبەت بە خۆیان نەبێ؟

**ئەدەب و کولتوور: ئەو کاریکاتێرانەی لەسەر داوا و بیرۆکەی کەسانی دیکە دروستدەکرێن دەچنە قاڵبی کاریکاتێرەوە؟ بۆنموونە ڕۆژنامەیەک داوات لێ بکات یان هەر دەزگایەکی دیکەی میدیایی، یان هەر لایەنێک و بۆ هەر مەبەستێک بێت؟**

**گرفتار کاکەیی:** لێرەدا دوو حاڵەت هەیە، یەکەم ئەگەر بیرۆکەکە بەهێز بێت و کاریکاتێریستێک جێبەجێی بکات ئەوە ئاساییە، بەڵام ئەو کاریکاتێرە موڵکی کاریکاتێریستەکە نییە، دەکرێت بنووسرێ بیرۆکەی فڵان و جێبەجێکردنی فڵانە کەس، حاڵەتی دووەم ئەگەر بیرۆکەکە لاوازبێت ئەوە هەرچەند هونەرمەندەکە بەهێز بێت تامی کاریکاتێر نادات، من خودی خۆم دژی جێبەجێکردن و ئەنجامدانی بیرۆکەی کەسانی دیکەم، چەندین ساڵە هەوڵم لەگەڵدا دەدرێت، بەڵام ئەو کارەم نەکردووە.

**ئەدەب و کولتوور: ئێوە جگە لە هونەری شێوەکاری شیعریش دەنووسن، ئایا بڵاوی دەکەیتەوە؟ شیعر بۆ ئێوە بووەتە کردەیەکی جددی؟**

**گرفتار کاکەیی:** تێکڕای شیعرەکانم بڵاوبوونەتەوە، تەنها هەندێ شیعر نەبێت کە ڕەنگە جارێ زوو بێت بۆ بڵاوکردنەوەیان، ئەوە جگە لە نامیلکە شیعری (سکاڵا) کە تایبەت بوو بە منداڵان و ساڵی 1999 بەچاپم گەیاند، لە پرۆژەمدایە کۆی شیعرەکانم لە کتێبێکدا بە چاپ بگەیەنم.

**ئەدەب و کولتوور: سەروکارتان لەگەڵ مۆسیقاش هەیە و ئاوازتان بۆ گۆرانی منداڵان داناوە، هۆکار چییە ئەو هەموو بەهرەیەی ئێوە شاراوەیە، نووسین و شێوەکاری و مۆسیقا؟**

**گرفتار کاکەیی:** لە بواری میوزیکدا دەتوانم ئاواز بۆ گۆرانی منداڵان دابنێم، بەڵام هیچ کەناڵێک ئامادە نییە گۆرانییە تۆمارکراوەکەم لێ بکڕێت، یان خەرجییەکەی بگرێتە ئەستۆی خۆی، خۆ ئاواز و گۆرانییەکانی من زۆر لەو ئاواز و گۆرانییە دزراوانە باشترن کە کەناڵەکان پەخشیان دەکەن، سەبارەت بە نووسینیش ماوەیەکە نانووسم و سەرقاڵی وەرگێڕانم.



**ئەدەب و کولتوور: تۆ دەقی ئیرۆتیکیش دەنووسی و بڵاوی ناکەیتەوە، بێگومان لە ترسی کۆمەڵگەیە، پێت وانییە دەبێت نووسەر کار بکاتە سەر کۆمەڵ نەک بە پێچەوانەوە؟**

**گرفتار کاکەیی:** من ناڵێم ئەو دەقانەم لە سەدا سەد ئیرۆتیکین، بەڵکو چەند شیعرێکم هەیە خۆیان لەو قوتابخانەیە نزیک کردووەتەوە، ئەوە جگە لە چەند کاریکاتێرێک کە تا ئێستا نەمتوانیوە بەهۆی نزیکبوونەوەیان لەو قوتابخانەیە بڵاویان بکەمەوە، بەڵێ دەبێ ئێمە وەکوو هونەرمەند پەیاممان هەبێت بۆ کومەڵگە، بۆنموونە خودی هونەری کاریکاتێری پەیامێکی سەردەمیانەیە و پێش کۆمەڵگە کەوتووە و هەمیشە شتی تازەی پێیە، بەڵام ئێستا بەهۆی دوورکەوتنەوەم لە کوردستان و نیشتەجێبوونم لە ئەڵمانیا هەوڵ دەدەم نووسین و تابلۆ ئیرۆتیکییەکانم بڵاو بکەمەوە.

**ئەدەب و کولتوور: هەمیشە دەڵێی من خۆم ئەم ژیانەم هەڵبژارد کە سەربەخۆ بم و گرنگیش نییە ساماندار بم، بەم خۆ دوورگرتنە زۆر زیانت لە ژیانی خۆتدا و بەهۆی بیروباوەڕت لە کارەکانت دوورخرایتەوە، لە کاتێکدا دەیان چانسی باشت هاتووە بۆ زیاتر ناوداربوون، پێت وانییە دەست دەنێی بە رووی چانسەوە؟**

**گرفتار کاکەیی**: من هەمیشە گوتوومە و دەڵێم: "ئەو ژیانە هەڵدەبژێرم کە کۆیلەم نەکات، من هەرگیز دەست بە رووی چانسی باشەوە نانێم و هەمیشە داوای پێشکەوتن و پێشخستنی هونەرەکەم کردووە، بەڵام بۆم ناکەن.

**ئەدەب و کولتوور: ماوەیەکی زۆر لە بواری منداڵان چ وەرگێڕان و چ وێنە و هێڵکاری کارت کردووە، بە رای تۆ هونەر و ئەدەبیاتی منداڵانی کورد لە چ ئاستێکدایە؟**

**گرفتار کاکەیی:** لە هەموو ئەو بوارانە کاری باش کراون، بەڵام لە ئاستی جیهانیدا نین، بۆ نموونە شاعیر یان چیرۆکنووسی داهێنەری بوای ئەدەبیاتی منداڵانمان نییە لە ئاستی" ئیزۆب " یان " ئانوون " یان "میهری ماهوتی "دا بێت.

**ئەدەب و کولتوور: حەز بەناوبانگ دەکەی؟ کارت بۆ ناوداربوون کردووە؟**

**گرفتار کاکەیی:** ناوبانگ دەرکردن بەلای منەوە واتای دەنگی خۆ گەیاندن یان رای خۆ دەربڕین دەگەیەنێت، ئەمەش چەند بڵاوتر بێت ئەوەندە کاریگەرتر دەبێت، ئێستا خۆناساندن و ناوبانگ بەهۆی ئەو هەموو وەسیلانەوە زۆر ئاسانتر بووە بۆ کەسێک کە شتیکی پێبێت شایەستەی ناوبانگ دەرکردن بێت، چونکە ئێمە لە سەردەمی سەتەلایت و ئینتەرنێت و عەولەمەدا دەژین، کارەکە زۆر ئاسانە و تەنها ئەوەندەیە ئەوەی هەتە بیخەیتە روو، سەبارەت بە خۆیشم کار بۆ ناوبانگ دەرکردن دەکەم، بەتایبەتی ئێستا.

**ئەدەب و کولتوور: دەڵێن هونەرمەندان و داهێنەران نەخۆشن، واتا ناجێگیرن لەباری روحی و دەروونی، تۆ هاوڕای ئەم وتانەی، یان هونەرمەند چاوساغی کۆمەڵە؟**

**گرفتار کاکەیی:** زۆر جار خودی هونەرمەندەکە دەبێتە چاوساغی کومەڵگە و هەندێ جاریش بەهرەکەی ، زۆر جاریش بووە داهێنەران لە بوارەکەی خویاندا داهێنان دەکەن بەڵام لە هەندێ بواری دیکەی ژیانیاندا زۆر نەشارەزان و تەنیا دەکەون و کۆمەڵگەش تووشی نەخۆشی دەکەن، چونکە مەرج نییە هەموو بەهرەیەک باش بێت و ناحەزانیان سوودی لێوەردەگرن و بەو خاڵە لاوازە دژایەتی دەکەن و هەوڵ دەدەن لەناوی بەرن وەکو چۆن بەسەر گەورە هونەرمەندی جیهانی مایکڵ جاکسۆندا هات.

**ئەدەب و کولتوور: هونەر تۆ تێر دەکات؟ ئەی ئەدەب و مۆسیقا؟ مەبەستم تێربوونی روحییە؟**

**گرفتار کاکەیی:** بەڵێ تێرم دەکات، هەر لقێکی هونەر تامێکی تایبەتی هەیە و لە ئاستی خۆیدا بە شێوەیەکی تایبەت تێرم دەکات، ئیحایەکی رووحیی مەزنیشم پێدەبەخشێت.

# شاژنی کاتوێ



■ خەندە حەمید

"هەندێ جار ئەو شوێنەی کە تۆ لێی راهاتووی، ئەو شوێنە نییە کە تۆ بەشێکی لێی"

شاژنی کاتوێ فیلمێکی درامییە و لە سێپتەمبەری 2016دا بڵاوبووەتەوە. فیلمەکە لەبارەی ژیانی ڕاستەقینەی کچێکی 10 ساڵانە بەناوی فیۆنا کە لەگەڵ خێزانەکەی نیشتەجێی گەڕەکێکی هەژارنشینە بەناوی کاتوێ لە شارێکی ئۆگەندا. کچەکە دەبێتە یاریزانێکی لێهاتووی شەترەنج.

هەمیشە ئەو فیلمانەم لا پەسەندە کە چیرۆکێکیان لەپشتە، بەتایبەتیش گەر چیرۆکێکی ڕاستەقینە بێت. فیلمێک کە ئازارەکان، هەوڵەکان، سەرکەوتن و شکستەکان بخاتە روو، نەک تەنیا وێنە بگوازێتەوە. فیلمێک کە ئاماژەیە بۆ گرنگیی پەروەردە و ڕاهێنان. توانستی مرۆڤە سادە و بێبەش لە ئامرازە سەرەتاییەکانی ژیان دەردەخات. خانمە دەرهێنەری بەتوانا میرا نایر (Mira Nair) کاری دەرهێنانی بۆ ئەم فیلمە کردووە. میرا نایر هیندییە و ئێستا لە نیویۆرک دەژی، کۆمپانیایەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فیلمی هەیە و خۆیشی یەکێکە لە دەرهێنەرە سەرکەوتووەکان. هەندێ لە فیلمەکانی بایۆگرافین و گرنگییەکی زۆر بەو لایەنە دەدات، شێوازێکی تایبەت هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی چیرۆکەکەیمان پێبڵێ. بۆیە ئەم فیلمەی ئیشکردنێکی پەروەردەییانە و دەروونیانەیە بۆ بینەر، مرۆڤ بڕوا بەو دیمەنە هەژار و جەرگبڕانە ناکات کە لە فیلمەکەدا نیشان دەدرێ.

فیۆنا و براکەی لەنێو کۆڵانەکاندا گەنمەشامی دەفرۆشن، مردنی باوکیان قورساییەکی زیاتری خستووەتە سەر شانی دایکیان. دایکی فیۆنا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی خێزانەکەی پێکەوە بهێڵێتەوە، بەڵام شکست دێنێ لە هەوڵەکانی بۆ مانەوەی خوشکە گەورەکەی فیۆنا، چونکە ناتوانێ بەرگەی ئەو ژیانە سەختە بگرێ، دەڕوات و بە شکستەوە دەگەڕێتەوە. دایکیان خوێندەوار و پەروەردەکراو نییە، بەڵام کەسێکی بەهێزە و پەروەردەی ئەو لە بەهێزییەکەیدایە. چونکە هەرگیز دەستبەرداری منداڵەکانی نابێت لە هەموو ئەو سەختی و ناخۆشییانەدا. ئەم ڕۆڵەش بە خانمە ئەکتەری بەتوانا (Lupita Nyongo) دراوە. ئەم ئەکتەرە زۆرترین خەڵاتی بەدەستهێنا لە فیلمی (دوانزە ساڵ کۆیلایەتی) بەهۆی لێهاتوویی و ڕۆڵگێڕانی جوانی لە فیلمەکەدا، هەروەها خەڵاتی باشترین ئەکتەری یاریدەدەری بردەوە. پێمواية بۆ ئەم فیلمەش هەمان توانای نیشانداوە، بۆیە شایەنی خەڵاتە. لە فیلمەکەدا چەندین دیمەنی جوانی پڕ لە هاوسۆزی و پێکەوەیی و لێکتێگەیشتن هەیە.

حەزی فیۆنا بۆ زانین وای لێدەکات، بچێتە شوێنێک کە تێیدا یاری شەترەنج فێری کۆمەڵێک منداڵ دەکرێ، مامۆستاکەی، ڕۆبێرت کەتیندی، مامۆستایەکی بەئاگا و سەرکەوتووە، زۆر جوان ئیش لەسەر شێوازی پەروەردەی منداڵەکان دەکات. بۆ ئەوان کە هیچیان نییە، بە سکی برسییەوە ئەستەمە بتوانی ورەبەرز بیانهێڵێتەوە. چونکە برسێتی لە چاوەکانیاندا بەدی دەکرێ، مامۆستاکە ڕۆژانە لەگەڵیاندا بەر ئەو هەستانەیان دەکەوت، هەستی برسێتی و هەستی بێبەشی، هەرچەندە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی گەڕەکی هەژارنشین، بێ پەروەردە و بێماڵ زۆر زەحمەتە، بەڵام دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بکات. ئەو سەرەتا بە فیۆنا دەڵێ ئەم شوێنە بۆ ململانێکارانە!

دایکی فیۆنا سەرەتا ڕێگرە لەوەی منداڵەکانی ئەم یارییە بکەن و بە قوماری دەزانێ، پێیوایە نابێت کاتی خۆیانی پێ بەڕێ بکەن، چونکە پێویستە ئەوان ئیش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بمێننەوە و بەردەوام بن لەو ژیانە سەختەی هەیانە. بەڵام ڕۆبێرت هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی لە دایکیان بگەیەنێ کە ئەمە قومار نییە و ئەوان دەرفەتی ئەوەیان دەبێت لە پێشبڕکێی (kings college) بەشدار بن، چونکە فیۆنا زۆر زیرەکە، بۆ ئەوەی پاشان ڕێگەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە کە بچن بۆ فێرگە و بخوێنن. ڕۆبێرت دەزانێ توانای فیۆنا زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا سەوزە بفرۆشێ، پێیوایە ئەوان شایەنی زیاترن. دایکیان لە خەمی پەروەردەی ئەوان ڕێگە بە منداڵەکانی دەدات بەشدار بن. دەڵێت من ڕێگەیان دەدەم بەڵام تۆش کە بەڵێنەکەت نەبردە سەر هەرگیز منداڵەکانی من نابینییەوە.

یەکێک لە نموونە پەروەردەیی و جوانەکانی ڕۆبێرتی مامۆستا لەو کاتەی منداڵەکان هەست بە بێئومێدی و نامۆبوون دەکەن لەگەڵ ئەو شوێنە و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ گرووپە بەشدارەکانی دیکە، ئەوەیە کە نموونەیان لەسەر برسێتی بۆ دێنێتەوە، ئەو دەرک بەوە دەکات کە ئەمە نزیکترین و باشترین ڕێگەیە بۆئەوەی منداڵانێکی برسی و بێبەش بەشێوەیەکی پەروەردەییانە تێبگەیەنی و دەڵێت: "دوێنی لە ڕێگەی پاسەکەمدا سەگێکی لاوازم بینی، سەگەکە زۆر برسی بوو، چاودێریی پشیلەیەکی دەکرد، سەگەکە ویستی پشیلەکە بگرێ، بەڵام پشیلەکە تەنانەت بازی بەسەر کتری سەر ئاگرەکەشدا دا و دواتر بزر بوو. سەگەکە لەبەر ماندوویی لەسەر زەوییەکە کەوت. منیش بە سەگەکەم گوت چی ڕوویدا؟ تۆ زۆر برسی بووی، بەڵام ژەمەکەت لەدەست چوو. سەگەکە پێی گوتم کێشەکە من بووم. من رامدەکرد بەدوای ژەمێکدا، بەڵام ئەو پشیلەیە رایدەکرد بە دوای ژیانیدا.

ڕۆبێرت دەڵێ دەبینن ئەم منداڵانە جلی جوانیان هەیە، جێگەی ئاسوودەیان هەیە، ئەوان وەک سەگەکە وان. هەموو شتێکیان ئاسان بۆ دێتە بەردەست، بەڵام ئێوە پشیلە مەزنەکانی منن، ئێوە بەدوای ژیانتاندا رادەکەن. بەمە ورەی هەموو منداڵەکان بەرز دەکاتەوە. فیۆنا هەندێ جار باوەڕ بە توانا و لێهاتوویی خۆی ناکات، لای سەیرە لە کەسێک دەباتەوە کە خوێندوویەتی و پەروەردەی بینیوە، کەچی ئەو هیچ خوێندەوارییەکی نییە. ڕۆبێرت دەرخەری تواناکانی فیۆنا بوو، پەروەردە دەتوانێ ئاسانتر و باشتر پەرە بە لێهاتوویی مرۆڤ بدات و بە ڕێگەیەکی زانستییانەدا بیبات، ئەگەرنا هەموو مرۆڤێک توانای هەیە گەر بزانێ و بەهرە و زیرەکیی خۆی بدۆزێتەوە لەو بوارەی تێیدا لێهاتووە.

یاریی شەترەنج ئەوەی بۆ گرنگ نییە کە تۆ چۆن و چەند بەهێزی یاخود دەوڵەمەندی، بەڵکو دەتوانێ بۆ ژیانێکی باشتر فێری ڕێگەیەکی ستراتیژیانەت بکات. ئەمەش پێویستی بە هێز و دەربازبوونە لەو دۆخەی تێیدای. هەربۆیە فیۆنا دەڵێ: ''شەترەنج، مێشکم تیژ دەکاتەوە''.

فیۆنا هەرچی لەبەردەستی بووایە دەیکرد بە شەترەنج و ڕاهێنانی لەسەر دەکرد، بەردەوامی و سووربوونی فیۆنا پاش هەوڵ و شکستەکانی دەرخەری ئەو ویستەیە کە فیۆنا لە شەترەنجدا دەیبینێتەوە. ئەمە بۆ ئەو دەبێ بە خەون و دەیەوێت لە ڕێگەی شەترەنجەوە ئەوەی دەیەوێت بە دەستی بێنێت. لە دواجاردا وەکو پاڵەوانی شەترەنج لە ئۆگەندا دەناسرێ و خەڵک بە پەرۆشەوە چاوەڕێی سەرکەوتنی زیاتری فیۆنان و هاوسۆزن لەگەڵی.



# 10 کورتە شیعر



■ هێمن قوربانی

1
ئاسمان ...
هیچ لە جارانی خۆی ناچێ !
رەش رەش، داگیرساوە و
هیچ نادرکێنێ .

2
زەوی ...
دەیەوێ ببێتە ئەندامی گەردوونێکی تر
کابووسی ”جەنگێک“ هەراسانی کردووە .

3
ئەستێرەکان ...
رقیان لەم زەمینە دەبێتەوە
شەڕانگێزە، شەڕانگێز .

4
مرۆڤ،
لەم قومارخانەیەدا ...
میهرەبانی دۆڕاند و
عەشقی خستە مەزادەوە .

5
باخچەکان ...
وا خۆیان دەبینن،
کە جگە لە چەند دوومەڵێک
هیچی تر نین، بەسەر ئەم زەمینەوە .

6
خودا،
لەم بازنە ” هیچە“ بێزارە !
پێدەچێ ئەوەندەی نەمابێ
گسکێک لەم تەپۆڵکەیە بدات .

7
ئاژەڵەکان ...
هەست بەوە دەکەن دەتۆپن !
گشتیان رەنگی سەفەریان لێ نیشتووە .

8
درەختەکان،
یان بڵێین قژی زەمین ،
پەیتا پەیتا دەوەرێ !
ئەم هەسارەیە، واخەریکە کەچەڵ دەبێ .

9
بەپێی ئەم هەستەی ژێرپێم بێ،
گڵۆپەکان سوور دەبن ،
مرۆڤەکان یەکتر تەواو دەکەن و
دڵی جوگرافیاکان دەشکێنن !

10
زەمین...
تۆڵەی ئەم هەموو تەپە تەپەمان لێ دەستێنێ !
هێندەی نەماوە تێمان کەوێ !
گیرفانەکانتان بەتاڵ کەن
جەنگ روودەدا، جەنگ .

# شمشاڵ دز



■ ئاهەنگ کاوانی



وێنەکێش، وێنەی سروشت و روخساری خەڵک دەکێشێ
شاعیر، ناخی خۆی دەنووسێتەوە،
من، نە وێنەکێشم و نە شاعیر؛
وێنەی تۆم کێشا ئەوسا، و ئێستەیش نەک ناخی خۆم ، تۆ ئەنووسمەوە
تۆ، ئەی شمشاڵ دز،
ئـــاییی .. لەو درزەی لە رۆحمت کرد
ئەوکاتەی شمشاڵەکەمت هەڵدایە ناو بەستەڵەک ،
هەر لە باکوورەوە تا باشوور، تا ئێرە ، شەقار شەقار درزی برد رۆحم،
شەق بوو، بوو بە دوو لەت، دڵم..
تۆ کە شمشاڵەکەمت دزی و دوور دوور تووڕت هەڵدا؛
بیرت لە لێوەکانم نەکردەوە؟
ئاخر من بەم لێوانەم ئاوازی ژیانم بۆ چڕیت..
ئەی ئێستە، چۆن، بە چی بۆت بژەنم، ژیانـــــــ ؟؟؟
تۆ کە بریندار بوویت لە ئەزەلتەوە تا عەدەم ،
غەرقی ئازاری عەشق ببووی،
بۆچرووکی دڵی سووتاوت سەدان مەملەکەتی کاس کردبوو و ئازار تا سەر لێواری قەبری بردبووی؛
چۆن توانیت، بەو دەستانەت، ئەو رۆحە لەت لەت کەی
کە سارێژی برینەکانتی کرد،
ئەو ئاوازە کپ بکەی کە دڵتی تیمار کرد،
ئەو گۆزەیە بشکێنی کە شەرابی عەشقتی هەڵدەگرت،
خیانەت لەو قاچانە بکەی ... ئاە ئەو قاچانەی ساردترین شەوەکانی تەنیایی تەمەنتیان گەرمکردەوە ،
ئەو قاچانەی قەرەج ئاسا،
رووت، بە خۆیان و پاوانەکەیانەوە، بێ مەرج، مەست مەست بەرەو ماڵی دڵت هاتن،
عەرشی تەنیاییتیان هەژاند و رۆحی تۆراو و یاخیتیان ئاشت کردەوە لەگەڵ ژیان...
هەر ئەو قاچانەش،
لەسەر لێواری قەبر بەرەو باوەشی عەشقیان بردی...
لێت گەڕێم خۆت، خۆت بنووسیەوە؟
دەی، دەستپێکە، بینووسەوە، ئەی شمشاڵ دز،
دڵنیام، کە گەیشتیە ئەو شوێنەی دەستت برد بۆ شمشاڵەکەم،
دەستت لە نووسین ئەکەوێ، پەنجەکانت هەڵدەوەرن و قەڵەم بەرەو رووی خۆت هەڵدەگەڕێتەوە و هەرچی مەرەکەبە بە رووتا ئەیپرژێنێ و
رەش رەشی ئەکا.... روخسارت...

سەرپەرشتیار: بژار حەکیم